## یەنەکە بیرۆسترۆیکا دەکات

## ووریا

کێشەیەی یەنەکە ، بە هەموو مانایەک نەتازەیە و نە لە عەیامی خەڵکان وونە . یەکێتی بەدرێژایی تەمەنی . ڕسکا ، ڕما ، بووە ئەفسانە . دواچار بووە دەسەڵات . کەم کەس هەنە گیانی شەڕانگێزییان لە هەمبەر یەنەکە نەبێت و فرمێسک نەڕێژن بۆ ئەو فریاد ڕەسەی کە هەموانی کۆکردبووەوە . یەکێتی وەک ڕشتەی مرواری جهانێکی فەنتازیایە .
بە شەیهد و نەبەردەکانیاوە ، بە ململانێ و بەگژداچوونەکانیانە ، بە هەڵە و دۆسیە خۆێناویەکانیەوە ، بە سەوزکردنەوەی جیهانی زەردبوومانەوە ...
یەنەکە منداڵێکی حەوت مانگانەی خاوەن دایکێک بوو ، بڕستی لێهەڵگیرا کەوتە سەر ژان ژانی ئێمە و ژانی بێ دەرمانی . لە ئامێزی نەنەیەکدا یەکێتی کردە هەرزەیەکی چەتوون .
هەرزە ڕسکا و کەوتە یاخی بوون . ئەودەمانە زۆر خێرابوون .. هەرزە پێیەکانی قورس و چاوەکانی عەبووساوی و لێوەکانی پڕبەبزە و زمانیشی پڕلە وشەی نارنجۆکی و قاقاهێنانە سەردەمان ..مێشکی جەنجاڵ بەمرۆ و رابووردوو .. سەرمەست بە داهاتوو . چلۆن دێت و چلۆن دەڕوات ...... بەڕێ‌ی دەکەم
یەکێتی بووە شاخ و نە هاتە گرتن ... شاخ جولا . بەفر گرتی . باراناو بەگیانیدا ڕۆچوو . ئەو هەر شاخ بوو .. هەر تاوێرەبەرد و زنار و ڕێچکەی وون و هەزاران ئەشکەوتی سەرکەوتن و پڕ لە تراژیدیای تەور و سەرنگوم و دەیەها فیشەکی ناحەق لە ئامێزیدا بوو ..
بەسپی و ڕەش باڵای ڕسکا ... بوو بەو شتەی ناویانا سەوز
کە بووە سەوز .. عەیام و ڕەش و ڕووتی ئەم دەڤەرە سیانزدەبەدەریان کرد ، نەبا هەرزە بێ چاوێنی بێت و سیلەی چاوانی نەخوازەکان سمک و ڕانی ئەم عەجوولە بهێنە ژان . خوانەکردە ئەم قەلەندەرە بەباڵایە بێتە سەر چۆک.
بانگ هەڵدرا .. یەنەکە وەک ئەسپی سەرمەست گوڕدەدات و هەر هەرزەیە . قبووڵی کەن گەر تەۆێڵی وەک گورباتشۆف سور و خۆێناوی نی‌یە ، ئەوا مەستی گۆڕانە ....
چ گۆڕانێک ...
ئەوەی کرا ڕاست و دروست ، حەقیقەت بوو
ئەوەی هەیە هەر ئێمەین و کەسی دیکە بوونی نی‌یە
بەخۆدانەچوونەوەنەوە و ڕەخنە لە خۆگرتن ، کاری ئێمە و دۆستەکانمان نی‌یە
شەڕ و تەکتوولی ناومان بۆ خۆشی‌یە و کاری بە عەیامی مەردوومەوەنی‌یە
سکرتێر و نائیبەکەی قەت نەبووە و دەسەڵات بەس بۆ یەک کەس بووە
دزی و فەسادی هەرهەیە و ڕەنچی شاخ و داغ لەم جۆرە وەرزەدا بە پیت بووە